بۆچی لاوان کەم گوێ لە ئاوازو گۆرانی کوردی دەگرن؟!

بەرهەم شێخ عزەدین/ دوکان

لای هەمووان ئاشکرایە میلەتەکەمان خاوەنی گەنجینەیەکی گەورە و دەوڵەمەندە لە بوارەکانی هونەردا، بەتایبەتی ئاواز و گۆرانی کوردی، گۆرانی لە شیعر و ئاواز پێک دێت، گەلە کەشڤان خاوەنی چەندین شاعیری گەرە لێ هاتووە و شارەزایە و ئاواز دانەری زۆر باشو بەتوانان هەیە، کە زۆر بەیان ئاواز بۆ گۆرانی ، کەچی زۆر بەداخەوە دەبیستن لاوانی کورد زۆر بەکەمی گوێ دەگرن! بۆ زانینی و هۆکارەکان ئەم دیارە دەیە، ئەم راپۆرتەمان لە دەڤەری دوکان ئامادەکرد کە هەریەکە لەو ناوانەی دواندمانن، هۆکارێکیان بە هۆی ئەم دیاردە دەزانی کە لاوان گوێ لە گۆرانی کوردی ناگرن و خوویان داوەتە گۆرانی و ئاوازی بیانی بۆ رەواجی سیدیەکانیان. بابزانین لاوان چۆن گوزارشت دەکەن.

سەرەتای مامۆستا عەدنان ئەحمەد مەحمود گوتی:

وەک ئاشکرایە لەم چەند ساڵەی دواییدا ئاوازو گۆرانی کوردی لە رووی تەکنیکو ئاوازەوە پێشڤەچوونی بەخۆوەبینیوە، بەڵام بۆچی خەڵک کەمتر گوێ لە ئاواز و گۆرانی کوردی دەگرن، ئەمە بێگومان هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە کە رەنگە بە روانگەی من ئەمانە هەندێک لەو هۆکارانەبن...

* کرانەوەی وڵات بەرووی جیهان گیریدا چونکە جیهان وەک گوندێکی بچووکی لێهاتووە و خەڵکی بە ئاسانی گوێبیستی هەموو گۆرانی و ئاوازێکی بیانی دەبێت.

* ئاوازو گۆرانی کوردی پاراستووە.

* نەبوونی هیچ جۆرە فلتە و پالاوتنێک لە سەر بەرهەمی کوردی. کە باشترە بەر لە گەیشتنی هەر بەرهەمێک بەبینەرو بە چەند فلتەرێک تێپەڕدەبێت..

* رۆڵی نێگەتیڤانەی راگەیاندنی کوردی لەم بوارەدا رۆڵێکی ئێجگار سەرەکی هەیە و ... چەندین شتی دی.

مامۆستا عومەر عەبدولڕحمان ئەحمەد گوتی:

بەرای من تا ئێستا گوێگرانی مۆسیقا و ئاوازی کوردی بەو شێوە نییە هۆگریان هەیە، لەگەڵ مۆسیقا و ئاوای بیانیدا ئەمەش وا دەکات کە چەند هۆکارێکی لە پشتەوەبێت .. یەکێک لەوانە خۆشەویستی هونەر بەداخەوە تا ئێستالای زۆربەی تاکی کوردی ئاواز و مۆزیکی کوردی بەکەم دەزاندرێت.

ئاواز و میوزیکی لە ناو کوردا رێچکەیەکی تایبەت بە خۆی نییە هەندێ جار سنوور ئەبڕێت، هەندێ جار مۆسیقا بەویستی تاک نییە، دەنگ خۆشی گۆرانیبێژ و ناوداری کاریگەری زۆریان هەیە بۆ بیسەر و بینەر!.

دواتر سەروەر شێخ ئەزەوەر گوتی:

بە بۆچوونی من ئەو تەو ژمە زۆرەی گۆرانی کوردی لە دەرەوەی وڵات کە هەموو ی بە ئاواز و میوزیکی بیانی دێنتە کوردستان کە هیچ مەرجێکی تیانی یە نەگۆڕانی بێژەکە و نەگۆرانییە کەشی یان کێشە سەقەتەکانی لەگەڵ دێت، وای لە بیسەرو بینەری کورد کردووە بەڕاستی بێزاربوە و تاقەتی گوێ گرتنی نەماوە، وەیان هەندێ گۆرانی بیژ بەس بۆ ئەوەی بڵێن بەرهەمیان هەیە یان زۆرە، هەرکات ئارەزوو بکات بەرهەمێ: دەخاتە بازاڕەوە جا



ئارام زاهیر

عوسمان عەلی

کوردۆ جاف

چۆمان محەمەد

محەمەد سەلام

خەڵک گوێی لێبگرن ناگرنگ نییە یە ئەمانە چەندین هۆی دی..

پاشان محەمەد سەلام گوتی:

من ناڵێم گوێیان لێ ناگیرێت و سەیر ناکرێن بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەڵام خەڵکێکی کەمتر گوێ لەو ئاو ئاواز و گۆرانی یە نوێ یانە دەگرێ، بێگومان ئەمەش بە هۆی ئەو کلیپ و تازەگەریانەی دەکرێ لە سەرڕێچکەی ئەوروپی و رۆژ ئاوایی کە زۆر بەیان لادان و زیادەڕۆی تیایە لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکە ناگونجێ، ئێمەش وەکو هەموو وڵاتانی دی دنیا خاوەنی کلتور و فۆلکلۆری خۆمان بابێت لە سەر رێچکەی تایبەتی کوردی تازەگەری بکەن ، بزانن خەڵک گوێیان لێ دەگرێت زیاتریان نا ، وەبە بۆچوونی من هونەرمەند دەبێت خاوەن ئەزموون و لێ هاتووبێت و ئەوەی دەی لێت دەربڕی ئازار و ناخی تاکی کوردی جێن.

پاشان بەهجەت عوسمان گوتی:

بەڵێ بە بۆچونی من زۆر لە دەنگەکان خۆش و شیعری جوان هەڵدە بژێرن، بەڵام سەیردەکەی کلیپێکی نەشیاوی بۆ دەکات کە لەگەڵ ناوەڕۆک ناگونجێ ئیدی گوتی بینەر ئارەزووی نامێنێت بۆ بیستنی وبینینی من هۆکاری سەرەکی دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کەمێک نەبێت لە گۆرانی بێژان هیچیان مۆرکی نەتەوەی کوردی پێوە دیارنییە ، شتی باش پێشکەش ناکرێ هەر بۆیەش کەمتر گوێ لە ئاوازی کوردی دەگیرێت.

هەروەها عوسمان عەلی گوتی لەگەڵ رێزم بۆسەرجەم هونەرمەندان بە بۆچوونی من بەرهەمەکان ناکاملن سەیر دەکەن لە سەرەتا چی دەڵێن تاکۆتای هەر ئەوەیە و دووبارە دەکرێتەوە و هیچ مانایەک ناگەیەنێت، لە کەناڵەکان راگەیاندن بڵاو دەکرێتەوە: بۆ گەڕانەوە بۆ رەسەنایەتی و بەرهەمی باش و رازی کردنی خەڵک، من پێشنیاریان بۆ دەکەم کارم کەناڵە کوردیەکان بەرهەمی زۆر باش بێشکەش بکەن.

کوردۆ جاف گوتی:

بە بۆچونی من هۆکاری سەرەکی ئەم دیار دەیە تێکەڵ کردنی ئاوازی بیانییە ، کە ئەمەش لەگەڵ خواستی بەشێکی خەڵکی دەگونجێت واتا ناگەر لە **10**٪ بەدڵیان بێت ئەوە باقیەکەی دی بە دڵییان نییە ، وڵای هەندێ خەڵک یان گۆڕانی بێژ لاسایی کردنەوە بە پێشکەوتن دەزانن بە پێچەوانەوە ، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی دواکەوتنی و لە دەست دانی ئەدەب و کلتور و هونەرو جەماوەرکەش چونکە بینەریان داوای شتی خۆمالی و رەسەن دەکەن نەک هێنانی بەرهەم و موزیکی بیانی .

پاشان ئارام تاهیر گوتی:

بەرای من ئەم بارودۆخەی کە ئاواز و گۆرانی کوردی تێی کەوتووە خراپترین بارو دۆخە، کە خەڵک بەکەمی گوێی لێ دەگرن کە ئەمەش من لە دووخالی سەرەکی دەبینم.

* گوێ گرتنی لاوان لە گۆرانی بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونەی کە لاوان پێیدا تێپەڕ دەبێت، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونی لاوانی کورد چونکە خولیای ئەو گۆرانیانەن کە ئافرەت تیایدا رۆڵی سەرەکی دەبینێ و سەما دەکەن لە ناو کلیپەکاندا، ئەمەش وای کردووە کە سەرنجی لاوان بەشێوەیەکی بەرچاو را دەکێشێت بۆ ئەو کلیپانە.

لە کۆتاییدا رەحمان عەبدوڵلا ئیبراهیم گوتی:

ئاواز و گۆرانی کوردی ئەوەندە خۆشە کە گۆرانی بێژە بیانی بەکان پەنای بۆ دەبەن و دەی چڕن. بەڵام لاوانی خۆمان بۆ گوێی لێ ناگرن، ئەمە هۆکاری هەیە کەم ئەزموونی لاو بەوەی وادەزانن بیانی نەک گۆڕانی بەڵکو جلوبەرگیش پییان وایە پێشکەوتنە و دەگەن بە ئاستی والاتانی رۆز ئاوا، ئەمە هۆکاری سەرەکییە.